www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2006 23:40

# تەنز ... پانۆراما 3 ... ستیڤان شەمزینانی

## خەوننامەی كوردی



ئەمەی خوارەوە بەرچنێكە لە وەرگێرانە كوردییەكەی خەوننامەی كوڕی شیرین (ئیبن سیرین) ئەوی شەولەخەونیدا بەرپرسێك بەدەمییەوە پێكەنێ سبەینێ یان دەبێت بەبەڕێوە بەری گشتی یان فەرمانبەرێكیدەست ڕۆیشتوو، ئەوی لەخەونیدالەگەڵ كاربەدەستانی حكومیو حیزبیدا دەستبازیی بكات ئەوەدەبێتە شەریكەدزی گەندەڵی و ساختە كارییەكانیان، ئەوی لەخەونیدا بەرپرسێك كارتی پیرۆزبایی بۆبنێرێت بێ هیچ دوودڵیو گومانێك دوای كۆتایی هاتنی شەو زەویەكی لەناپابترین جێگەی شاردا دەدرێتێ.
ئەوی لەخەونیدا بەرپرسێك زللەیەكی لێدا پێویستە سبەینێ وڵات بەجێبهێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ، ئەوی لەخەونیدا لەگەڵ پاسە وانی بەرپرسە كان شەر بكات دووبە یانی بەتۆمەتی ناپاكی و خیانەت و مەترسیدرووستكردن بۆئاسایشی نە تەوەیی لەكونی ڕە ش و ژێر زەمینی ئەشكە نجە دەنرێ، ئەوی شەو لە خەونیدا بەدزییەوە لە ئاوی بەلوعەی ماڵە بەرپرسێكی خواردەوە ئەو خەونە دووتەفسیری هەیە، یەكەمیان گەر كاكیبەرپرس میزاجی ساف بوو ئەوە گوڵی خۆت كرد، دووهەمیان گەرمیزاجی شێواوبوو خاك بەسەرت تاڵاو دەكەن بەقورگتدا، ئەوی شەو لەخەونیدا ڕێپێوانی دژیحكومەت كرد ما نایەكی نییەو دەتوانێ لە بەردەم بەلوعەیەكی ئاودا بیگیرێتەوەو بیدا بەدەم ئاوەوە، ئەوجا شایەتمانێكی بەحەق بێنی چونكە خەونی وا تا هەزار ساڵی تریش نایە تەدی، بەڵام ئەگەر لەخەونتدا بووی بەبەرپرس یان وەزیر یان شتێكی لەوجۆرە خەوەكەت مەگێرەوە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتپەرستانی ئێرە لەسێدارەت دەدەن چونكە دە زانی مافی ئەوەت نییە خەونی واببینی؟ باتەفسیرەكەی ئێمەش لێرەدا بەسبێت، خۆخەریكە هێڵی سوور دەبەزێنین.

## ڕا پۆرتی دارایی

بەرێزان، جە ماوەری دڵسۆزی گەلە كە مان، ئەمەی خوارەوە ڕا پۆرتی داری ساڵی پارمانە كە لە خزمەتی ئێوە سەرفمان كردووە، حەزدەكەین بە چاوی خۆ تان ئەو ڕاستییە ببینن.
بڕی 250 هەزار دۆلار مەسرە فی كڕینی داییی بۆ منداڵانی چاوگەشی سەر مایەداران و پیاوە قەڵەوە كان، بڕی 700 هەزار دۆلار مەسرە فی تیپی مۆسیقا كان بۆ بەڕێوە بردنی ئا هە نگی یادە كانی حیزب.
بری 1 ملیۆن دۆلار بۆدرووستكردنی هۆتێلێكی هاوچەرخ بۆ خانەدا نان و ئە شرافی شارە كان، بڕی 400 هەزار دۆلار بۆكڕینی قەنە فەو مێزو كورسی بۆ بارە گا حیزبییە كان، بڕی 625 هەزار دۆلار تێچونی پرۆژەیەكی خزمەتگوزاریی كە بەداخەوە دوایی هەڵوە شایەوە.
بڕی2 ملیۆن دۆلار بۆ دەعوەت و دەعوەتكاریی سەركردایەتی حیزبە كان لەشازی ڕێستۆران، بڕی 1 ملیۆن ونیو دۆلار بۆكڕینی پوزەوانەو جامانەو مە تارەی ئاوبۆپێشمەرگە هە ناسە ساردە كان، بڕی 3 ملیۆن دۆلار بودجەی دیوە خان و تە كیەو ماڵی پیاو ماقووڵان.
بڕی 7ملیۆن دۆلار بۆ عەرە بەدە هەزارییە كان تادڵیان نەرم بێت و كەركوك جێنەهێڵن، بڕی 9 ملیۆن دۆلار بۆ یارمە تی لێقەوماوانی ئەهوارە كان و خەڵكی دەوروبەری كوفەو بەسرە، بڕی 4 ملیۆن دۆلار بۆ بەنزین و مەسرەفی ئۆتۆمبیلە كانی پەرلەمانتاران و وەزیرەكان، بڕی 2ملیۆن دۆلار بۆكلینێكس و قاوەو

چای مەقەڕەكان، بڕی 70 ملیۆن دۆلار بەهۆی هەڵەی هونەرییەوە ون بوو، بڕی 8 ملیۆن دۆلار بۆقەرەبووی جاش وكۆنە بەعسییەكان، بەمشێوە یە ئەم خزمەتانەمان بەم گوژمە بەرزە جێبەجێكردووە و بڕی 2 ملیار دۆلاریش وەك ناوكۆیی ماوەتەوە، بەپێی تەوافق و كۆبوونەوەكانی پیرمام و قەڵاچوالان بڕیارماندا لەنێوان خۆماندا وەك برا بەشی بكەین.

## پێشبینییەكان

ساڵی 2106 حكومەتی هەرێم بیر لە چارەسەر كردنی بنەڕەتیی كێشەی كارە بادەكاتەوەو هەنگاوی بۆدەنێت، هیچی وای نەماوە هەمووی سەد ساڵێكە.
ساڵی 2156 حكومەتی هەرێم هەڵوێست لەبەرامبەر حكومەتی عێراقیدا وەردەگرێت، ساڵی 3006 حیزبێكی ئۆپۆزسیۆن بەدەر لەپارتی و یەكێتی دەسەڵاتی كوردستان بەدەستەوە دەگرێت، ساڵی 3076 سەركردایەتی كورد تاوتوێی ئەوە دەكات تۆبڵێی كاتی دەولەَتی كوردیی هاتبێ؟ ساڵی 3081 ئەگەر كەركوك نەگەڕایەوەسەركوردستان جەعفەری وموقتەدا لەگۆڕدەردەهێنین و ئێسقانە كانیان دەسوتێنین، ساڵی 3091 وەزارە تە كانی دارایی و ناوخۆ دەبنەوە بە یەك و هەزاران هاولاتی لەخۆشیدا دەرژێنە سەر شە قامە كان، ساڵی 3092 كێشەی سەكەن ڕێگاچارەیەكی بۆدەدۆزرێتەوەو لەوانەیە 400 -500 شوققەی سەكەنی دروست بكرێت، ساڵی 3099 نەوەی كاك (... ) ئەندامی مەكتەبی سیاسی (... ) دەبێتە سەرۆك وەزیران و كابینەكەی بەگەندەڵی ناودەردەكات، ساڵی3110 هێڵی شەمەندەفەر دەگاتە سلێمانی و هەلەَبجە، ساڵی 3200 بۆیەكەمین جار كورد دەرزیەكی سنجاق دروست دەكات، ساڵی 3225 دیسان شەڕی برا كوژە دەستپێدەكاتەوەو چل ساڵی تر دەخایەنێ، ساڵی 3270 لایەنەكانی كوردئاشت دەبنەوە و دەیانەوێت ماڵی كورد یەك بخەنەوە، ساڵی 3285 دیسان گەندەڵیو ستەمكاریی دەستپێدەكاتەوە، ساڵی 3333 دونیا ئاخردەبێت ونەكورد بۆیە خاوەنی دەولەت و نەهاولا تییە كانی ڕۆژێك هەناسەیەكی شادیان هەلمژی.

## چاپكراوی نوی

دەزگای (ترخێنە) بۆچاپ و بلاو كردنەوە كتێبی (بیرەوەرییەكانی نەنەڕەیحان) ی لەدووتوێی 600 لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بەتیراژی 30 هەزاردانە خستە بەرچاوی خوینەران، هەمان دەزگا كتێبی (سوودەكانیپەلٌپینە) و (ئامۆژگارییەكانی لالەفەرەج) ی چاپكردوهەردووكتێبەكە لەناوەندی ڕۆشنبیرییدا دەنگێكی باشیان دایەوە.
بنكەی (فیكلانكۆ) ی ڕۆشنبیریی لەم ماوەیەدا ئەم سێ دیوانەشیعرەی خستە بەردیدەی خوینەران
- دیوانی (من گەمژەم ئەی یارەقۆنەرەكەم) لەنوسینی ماعیری گەورە شەفیقی تۆفیقی مەوقیف.
- دیوانی (لەوەزیاتر كەرم مەكە) لەنووسینی شاعیری لاو، دلٌشكاو دلٌسوتاو فەرەنجی.
- دیوانی (دوكەڵی عەشق و سەمای تەیارە) بەپێنوسی شاعیری ناودار، جومعەی كەمتیارزادە.

هەروەها لەدرێژەی كتێبە چاپكراوەكانی دەزگای (دارسیواك) چەند كتێبێكی نوی كەوتە بازاڕەوە لەگرنگترین ئەو كتێبانە كتێبی (كافرە مەلعونەكان و جیهادە خۆشەكەی شێخ زانا) بوو، بەپەڕەمووچی شێخ بەتریق مەنتیق كەبۆجاری چوارەمە چاپدەكرێ و كتێبەكەش لەبنەڕەتدا نامەی دكتۆرایە.
لەلایەكیترەوە سەنتەری (هۆلاكۆ) ی فەلسەفیی دەیان كتێبی دانسقەی بلاو كردەوە، ئەم سێ كتێبەش بەناو بانگترینی ئەوكتێبانەن سەنتەر چاپیكردوون.
- (فۆكۆو جۆرەكانی چێشت لێنان) ئامادەكردن و وەرگێرانی، سوبحی فەلسەفی.
- (بنەما عەسكەرییەكانی بیری ژاك دریدا) نوسینی، دختۆر كالیار كەریم.
- (نامەدلٌدارییەكانی ماركس بۆلینین) وەرگێران و ساغكردنەوەی، جەعفەری جوملەچی.

بەڵێنیش دەدەین لەچاپكراوەكانی تر ئاگادارتان بكەینەوە، چاوەڕوان بن.

## لەڕۆژی ئافرەتاندا

لەڕۆژی هەشتی مارسدا كارتی پیرۆزبایی بۆهاوڕی ئافرەتەكانی دەنێرێ و لەهەمان رۆژدا پلە كەی خۆی بۆئیستیخلالكردنی كچەسكرتێرەكەی بەكاردێنێت، لەڕۆژی هەشتی مارسدا پڕبەدونیا هاوار بۆیەكسانی دەكات، دەڕواتەوەماڵی ژن و خوشكەكانی داركاریی دەكات.
لەسەر شاشەی تیڤی داوای سەربەستی ئافرەتان دەكات، لەولاشەوە لەماڵە كەی خۆیدا خوشك ودایكی زیندانی كردووەو تەلبەندی بەدەوردالێداون، لەكاتی گفتوگۆدا لەسەرمافەكانی ژنان هەڵدەچێ بەڵام چەكەكەی پڕلەفیشەكە بۆخوشكەكەی گەرپیاوێكی خۆشبوویت.
لەڕۆژیهەشتی مارسدا دەچێتەڕیزی پێشەوەی ڕێپێوان بۆداواكردنی مافەكانی بەڵام هەرخۆی پەتی كۆیلا یەتی لەمل دەكات و سەر بەهەوێ شوودەكات، قبوڵی نییە كەس بچوكترین گومان لەئافرەت بكات كەچی لەولاوەخۆی مەزاد دەكات و بەدەوڵەمەندێك خۆیدەفرۆشێت.
پڕبەدەمی هاواردەكات نابۆتوندوتیژیی بەڵام سووكایەتی و لێدانی مێردەكەی قبووڵدەكات.
ئەندامی ڕێكخراوێكی ئافرەتانە بەڵام رێ دەدات بەزۆر خوشكەكەی بەشوو بدەن، هەڵسوڕاوی مافەكانی ژنانە بەڵام ژنەدراوسێكەی دەناڵێنێت بەدەست جەوری مێردەكەیەوە هەرئاوڕیشی لێناداتەوە، كەدەمیدەكاتەوە دوبۆڤوار و ڤێرجینیا وۆلف ـی ناگاتێ بەڵام لەكردەوەدا هەرلەو ژنەئاساییە تێنەپەڕیوە كەخۆیبەزەعیفە دەزانێ وملكەچی مێردەكەیەتی.
ئای چەند درۆیەكی گەورەیە رۆژی ژنان لەوڵاتەكەی مندا.

Shamzini 79@hotmail. com